حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١١٠) لە ٢٠٢١/٩/١

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٣) لە ٢٠٢١/٩/١، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** بەرکارکردنی پەیڕەوی ڕێکخستنی تایبەت بە میکانیزمی فرۆشتنی سیمکارت (اللائحة التنظيمية الخاصة بآلية بيع الشرائح) لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن دەستەی فیدراڵیی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان دەرچووە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەوە.

**دووەم:** ڕاسپاردنی هەردوو وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و ناوخۆ بۆ وەرگرتنی ڕێکاری پێویست لە ماوەیەک کە لە (٦٠) شەست ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە ڕێکەوتی کەوتنەبواری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بۆ قەدەغەکردنی مامەڵەکردن بە سیمکارتی مۆبایلی بێ فۆڕم و بەرایی بە هەموو جۆرەکانییەوە (SIMCARD, UIM, E-SIM).

**سێیەم:** پێویستە لەمەودوا تەواوی زانیاریی کڕیارانی سیمکارت دیار بێت و لە هەمان کاتدا کۆمپانیاکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پەیوەندیی مۆبایل و ئینتەرنێت و بریکارەکانیان کە سیمکارتی کۆمپانیکانی مۆبایل دەفرۆشن دەبێت ناسراو بن و بەڵێننامەش بدەن کە پابەندن بە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە و لە کاتی سەرپێچیکردنیشیاندا ڕووبەڕووی ڕێکاری یاسایی و قەزایی دەبنەوە.

**چوارەم:** ڕاگرتنی ئەو سیمکارتانەی کە بێ فۆڕم و بەرایین و مەرجەکانی هاتوو لە پەیڕەوی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە لەخۆناگرن.

**پێنجەم:** وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان حوکمەکانی ئەو پەیڕەوە جێبەجێ دەکەن و جێگەی هاوتاکانیان لە حکومەتی فیدراڵی دەگرنەوە بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی پەیڕەوی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران